# پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوانی کورد لە کۆمەڵگادا
# توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی وەرزشی یە

م.ی. سورێن ابوبکر عبدالله
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی

**پێشەکی**

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا هات بەهۆی مۆدێرنە وپۆست مۆدێرنەوە ،وەرزش بووە ئەو بەشە گرنگەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری لەسەر زۆرێك لەتوێژەکانی کۆمەڵگا هەبوو، بەتایبەت کاتێك بووە بنەمایەك بۆ گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی هەندێك لەتاکەکانی کۆمەڵگا لەڕووی پێگەو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی یەوە، چونکە وەرزش وەك تەواوی بوارەکانی تری ژیان لەکۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کەپراکتیزی دەکەن یان ئەوانەی تەنها وەك بینەرێك یان لایەنگری وەرزشێکی دیاریکراو و گرنگی پێدراو لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا ، کە ئەمەش بێگومان کاردانەوە و جیاوازی دروست کردووە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا.

ئەم گەشەکردنە لەبواری وەرزشدا بووە هۆی دروستبوونی زۆرێك لەدیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگاکاندا،وە بووە سەرەتایەك بۆهاندانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی تا توێژینەوەی زانستی بکات بۆ دەستکەوتنی وەڵام ئەوپرسیارانەی ڕۆژانە دروستدەبێت سەبارەت بەو کێشە و دیاردانەی وەرزش دروستی دەکات لەکۆمەڵگادا. یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆر تەرکیزی زانستی دەکرێتەسەر پەیوەندی نێوان وەرزش و جەندەر بەتایبەتی کاتێك ڕەگەزی مێ بڕیاری بوون بەوەرزشوان دەدات لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کە دەشێت پێگەی کۆمەڵایەتی گرنگ و باشی پێببەخشێت یاخود بە پێچەوانە، هەر بۆیە وەرزش لە ئێستادا گرنگ و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکان، وە بۆتە گۆڕینی ژیانی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگای چونکە وەرزش پەیوەندی لەگەڵ تەواوی بوارەکانی تری ژیان هەیە لە نمونە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری .

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەم کاربکەم لەسەر دەرخستنی ئەوپێگە کۆمەڵایەتی کەوەرزش بۆ کچی وەرزشوانی کوردی دروستکردووە لە کۆمەڵگا،بەتایبەتی لەئێستادا کەژمارەی کچانی وەرزشوان لە زیادبووندایە بەبەراورد بەپێشوو. لێرەدا گرنگە لەڕێی ئەم توێژینەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەستکەوێت کە ئەچێتەچوارچێوەی ئەم بابەتەوە، کە وەرزش چ پێگە بەخشیوە ڕەگەزی مێ ،تێڕوانین و مامەڵەکردنی تاکەکانی چۆنە بەرامبەر کچی وەرزشوان ، ئایە خێزانی وەرزشوان چۆن مامەڵەدەکەن لەگەڵ ئەم پێگەیەدا وە ئایە

پشگیری یاخود دژایەتی خێزانی وەرزشوان هیچ جیاوازییە دروست دەکات بۆ سەر ژیانی کچی وەرزشوان وە یان وەرزش جیاوازییەکی دروستکردووە بۆ کچان وە هیچ تایبەتمەندییەکی پێبەخشیوون کەپێشتر نە یانبووە، یاخود بەپێچەوانەوە ئەم پێگە کێشەکانی ڕەگەزی مێی زیاترکردووە و ژیانی کۆمەڵایەتی قورستر کردووە، ئەمانەدەکرێت وەك کێشەی توێژینەوەکە خاڵی بنەڕەتی بن بۆ دەرخستنی ئەو پێگەکۆمەڵایەتییەی کچی وەرزشوان هەیەتی لە کۆمەڵگادا.

ئەم توێژینەوە چەندین بابەتی گرنگ لەخۆدەگرێت بۆ ڕاڤەکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان لە کۆمەڵگادا وە ڕونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو بوارانەی ئەم پێگەی کۆمەڵایەتی دەیبەخشێت یان وەریدەگرێتەوە لە ڕەگەزی مێ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵایەتیدا، ڕوونتر ئەم توێژینەوەیە جەختدەکاتە سەر دەرخستی تایبەتی مەندییەکانی ئەم پێگەکۆمەڵایەتی وە تێڕوانین و مامەڵەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو کچانەی کە وەرزش بەشێکی گرنگی ژیانیان پێکدە هێنێت ، بۆیە گرنگە جەخت لە چۆنیەتی دروست بوونی ئەم پێگەکۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر کچ کورد بکرێت لەبەرئەوەی ژمارە کچانی وەرزشوان لە زیادبوندایە وە بوار هەیە لەبەردەم ئەو کچانەی دەیانەوێت وەزرشوانی بێتە پێگەیەك لە پێگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان .

بنەمای دروستبونی فکرەی ئەم توێژینەوە هەستکردنی توێژە بەم کێشەیەلە کۆمەڵگادا چونکە وا گریمانە دەکرێت کچانی وەرزشوانی کورد پێگەی کۆمەڵایەتیان خراپە و لە ئاستی پێویستدا نییە وە تێڕوانین و مامەڵەی تاکەکان لەگەڵ کچی وەرزشوان تەندروست و هاندەرنییە ئەگەر چی گریمانەی ئەوە دەکرێت خێزانی ئەم گروپە کۆمەڵایەتی یە یارمەتی دەرە لە زۆر ڕووە لە نمونە ڕەخساندنی بوار بۆ کچان ، هەروەها جەختکردنەوەی کچان خۆشیان بۆ وەرزش هۆکاریکی سەرەکی بووە بۆ دروست بوون و مانەوەی ئەم پێگە کۆمەڵایەتی یە،بۆیە ڕاستی ئەم گریمانەیەش دواجار لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە وەدەردەکەوێت، بۆیە دەکرێت لەڕێگەی ئەم توێژینەوە وەڵامی زۆرێك لەوپرسیارانە دەست دەکەوێت کەبەشاراوەیی تا ئێستا ماوەتەوە تایبەت بەپێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەم توێژینەوەیەپێکدێت لەدوو دەروازەی سەرەکی وەك تەواوی توێژینەوە زانستی یەکانی تر کە دەروازەی یەکەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت کە لەسێ باس پێکدێت،لەباسی یەکەمدا هەریەك لەکێشە و ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، وە باسی دووەم ڕوونکردنەوەی چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، باسی سێیەم دوو بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە سەرەتایەکی کورتی دەست پێکردنی وەرزش لای کچان و کاریگەری کاردانەوەی ناو کۆمەڵگا ڕوون دەکاتەوە، وە هەروەها هەر لەم باسەدا ئاماژە بە پاڵنەرو و هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم پێگەیە و گەشەکردنی لە کۆمەڵگادا دەدرێت چونکە ئەم پێگەیە مێژووییەکی دوورو درێژی نییە و دەرکەوتنی هەندێك تەوەرەی گرنگی وەك تەوژمی جوڵانەوەکانی ژنان و بەجیهانی بوون ڕوون دەکاتەوە. دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوە کە دەگرێتەوە کە دابەشی دوو باسی سەرەکی دەبێت،لەباسی یەکەم ڕێوشوێنە میتۆدییەکان ئاماژەی پێدراوە، وە باسی دووەم خستنەڕووی زانیاریەکان و شیکردنەوەو ئەنجامەکان دەگرێتەوە.

## دەروازەی یەکەم

## لایەنی تیۆری

### باسی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

ئەم باسە هەندێك بابەت لەخۆدەگرێت، کە دەبێت لەهەموو توێژینەوەیەکدا بوونی هەبێت کە هەریەك لەکێشەی توێژینەوە و ئامانج و گرنگی تێدا دەنوسرێت.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

خوێنەوەیەکە بۆ بابەت و کێشە و دیاردەکۆمەلأیەتییەکانی ناو کۆمەلگا پێویستییەکی زانستی یە بۆ تێگەشتن لە دروست بوون و دەرکەوتەکانی، بۆیە زۆر بوار هەیە بۆ ڕاڤەکردن بەلأم کاتێك ناوی توێژینەوەی لێدەنێن زۆرجیاواز دەبێت،چونکەپێویستمان بەرێگای زاستی دەبێت لەپێناودەستکەوتنی دەرئەنجامێکی زانستی (محمد،٢٠١٢:ص٢٥).

لەم توێژینەوەیەدا بەلەبەر چاوگرتنی واقع و سەردانی مەیدانی و زانیاری پێشتر، توێژەر بەباشی زانی لەکێشەی ئەم توێژینەوە زانستی یە کارلەسەر پێگەی کۆمەلأیەتی کچی وەرزشوان دەکات لە ڕووی چۆنیەتی دروست بوون و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەو کچانەی دەچنە چوارچێوەی ئەم گروپەوە کۆمەلأیەتی یەوە، چونکە بوون بە وەرزشوان وەك تەواوی پێگەکۆمەلأیەتی یەکان تر هەندێك تایبەتمەندی دەبەخشێت یاخود بەپێچەوانە هەندێك تایبەنمەندی لەهەلگرەکەی وەردەگرێتەوە، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ئایە پێگەی کۆمەلأیەتی کچی وەرزشوان لە کۆمەلگا کوردی بەخشەری بەهایەکی گەورەیە یاخود بە پێچەوانە دەبێتە هۆی دروست بوونی نائارامی کۆمەلأیەتی و دەرونی وەك خراپی تێڕوانین و مامەلەی تاکەکانی کۆمەلگا و بێ بەهاکردنی ئەم پێگەیە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کچان دروست دەکات ؟ وە ئایە هەولدان بۆ دەست کەوتنی ئەم پێگەکۆمەلأیەتی یەپەیوەستە بەخواستی تاکەکان یاخود بە پێچەوانەوە کۆمەلێك ڕێگر هەیە و بۆ دەستهێنانی ئەم پێگەیە و ئاسان نییە؟ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا کار دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەوەی ئایەلایەنگیریی کۆمەلأیەتی هەیە بۆ ئەم پێگە کۆمەلأیەتی یاخود نا، وە ئەگەر هاریکاری و پشگیری هەیە بۆ نمونە لە لایەن خێزانی کچانەوە، چ جیاوازییەك دروست دەکات بۆ ئەو کچانەی وەرزش دەکەن؟

لێرەدا جەخت دەکرێتەوە سەر ئەوەی ئایە ئەم پێگەکۆمەلأیەتییە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەلأیەتی کچان دادەنێت و جیان دەکاتەوە لەو کچانەی کە پراکتیزی وەرزش ناکەن و خاوەنی ئەم پێگەیە نین، کەواتە دەمانەوێت ئەو بزانین وەرزشوان وەك پێگەیەکی کۆمەلأیەتی چ جییاوازییە دروست دەکات لەژیانی کچانی ناو کۆمەلگا، وە ئەو جیاوازییە پالنەرە بۆ دروست بوونی کچانی وەرزشوانی زیاتر یاخود بە پێچەوانەوە ئەم پێگەیە و تایبەتمەندییەکانی دەبێتە هۆی کەمی ژمارەی ئەو کچانەی دەیانەوێت یاری بکەن. ئەمانە لەگرنگترین ئەو بابەتانانەن کە دەبێتە کێشەی توێژینەوەکەمان.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

١- چۆنیەتی دروستبوونی پێگەی کۆمەلأیەتی کچی وەرزشوان و گەشەکردنی لەکۆمەلگای کوردیدا.

٢- گەیاندنی توێژەرە بەو ڕاستی یە کۆمەلأیەتی یانەی پێگەی وەرزشوانی بۆ کچی دروست دەکات.

٣- بۆ دەست نیشانکردنی ئەو دەرکەوتە کۆمەلأیەتیانەی پێگەی وەرزشوانی دەبەخشێت بە کچی کورد.

٤- دەست نیشانكردنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان جیندەر و وەرزش و كلتوری كۆمەڵگادا یە.

**سێیەم:ئامانجی توێژینەوە**

١- دەرخستنی ئەو تایبەتمەندییانەی ئە م پێگەكۆمەڵایەتییە دەیبەخشێت بە كچان.

٢- دۆزینەوەی پاڵنەرەكانی دروست بوون و گەشەكردنی پێگەی كۆمەڵایەتی كچی وەرزشوانی كورد.

٣- شیكردنەوە و لێكدانەوەی مامەڵەی تاكەكانی كۆمەڵگا دەربارەی پێگە كۆمەڵایەتی كچی وەرزشوانی كورد.

٤- ڕاڤەكردنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ژیانی كۆمەڵایەتی كچان و وەرزش هەیە.

**چوارەم : گریمانەكانی توێژینەوە**

١- خێزان و كەسە یەكەمییەكانی كچی وەرزشوان هاوكار و یارمەتی دەرن بۆ بەردەوام بوون لە وەرزشكردن .

٢- مامەڵەی تاكەكانی كۆمەڵگا تەندروست نییە بەرامبەر كچی وەرزشوان .

٣- هەلی ڕەخساو بۆ وەرزشكردنی كچان لە كۆمەڵگای كوردیدا فراوان بووە.

٤- دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن ڕۆڵییان لاوازە لە گەشەپێدانی پێگەی كۆمەڵایەتی كچی وەرزشوان.

## باسی دووەم

## دیاری كردنی چەمك و زاراوەكان

ئەم باسە چەمك و زاراوە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە باس دەكات كە بریتین لە:

١- پێگەی كۆمەڵایەتی: Social status

پێگە: بە مانای دیاركردنی پێگەی تاكەكانە لە ناو كۆمەڵگادا وەك منداڵ و دایك و باوك، كە ئەم پێگە دەبێتە هۆی دیاركردنی ڕۆڵ و بیركردنەوە و هەڵسوكەوتی تاكەكان لە چوارچێوەی دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگادا

شوێنێكی دیاركراو زانراوە لە ناو پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، بەپڕكردنەوەی تاك دەبێتە خاوەنی كۆمەڵێك ماف و ئەركی تازە، ئەم ماف و ئەركانەش لە چوارچێوەی ڕۆڵێكدا كۆدەكرێتەوە كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە جۆری پێگەكەوە، وە تەواوی پێگەكانیش لە كۆمەڵگا وە دەبەخشرێت و ڕۆڵەكەی دیاری دەكرێت (Marshall.G, Scott.J,٢٠٠٩:٧٣٠).

پێگەی كۆمەڵایەتی: ئەو شوێنەیە كەهەر كەسێك لە بونیادی كۆمەڵایەتیدا داگیری دەكات، یا ئەو چوارچێوەیە كە تاك لە سیستەمێكی تایبەت و لە كاتێكی دیاریكراو بە دەستی دەهێنێت و دەیكاتە خاوەنی و ڕۆڵ و ئەركی جیاواز لە كۆمەڵگادا و كۆمەڵێك تایبەتمەندنی جیاواز بەو تاكە دەبەخشێت، ئەمەش لە كۆمەڵگایەكە وە بۆ كۆمەڵگایەكی تر جییاواز دەبێت.

ئەو چوارچێوەیە كە جیاوازی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا دیاری دەكات، تاك پەیوەست دەكات بەو چوارچێوە دیاكراوەی دەبێتە هۆی دیاركردنی ڕۆڵ و پاداشتە كۆمەڵایەتی یەكان، بۆیە ڕۆڵە كۆمەڵایەتییەكان پەیوەستن بە پێگەكانەوە لە چوارچێوەی جێبەجێكردنی دواكارییەكانی ئەو پێگە كۆمەڵایەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی جێگیركردنی بونیادی كۆمەڵایەتی چونكە ئەرك و مافەكان دیاری دەكرێت.

٢- كچی وەرزشوان:

ئەو كچانە دەگرێتەوە كە وەرزش بەشێكی گرنگی ژیانییان پێكدێنێت لە ڕووی بەشداریكردن و تەرخانكردنی كات بۆ پراكتیزەكردنی وەرزشێكی دیاكراو، كە بنەماكەی دەشێت حەزێك بێت یان بەدەستهێنانی هەندێك سودبێت كە بەهۆی وەرزشكردنەوە دەست دەكەوێت، ئەمەش كاریگەری لەسەر پێگەی كۆمەلآیەتی و ژیانی كۆمەلآیەتی ئەو كچانە دروست دەكات (Kane, M.١٩٨٨: ٨٨).

ئەو پێگە كۆمەلآیەتی جییاوازەیە كە ڕەگەزی مێ بە هۆی وەرزشكردنەوە هەلگری دەبێت،وە بنەمایەكە بۆ دروستبوونی هەندێك گۆڕانكاری لە ژیانی كۆمەلآیەتی و ئابورییەوە ئەو كچانە لە پێكهاتەكۆمەلآیەتی كۆمەلآیەتی كۆمەلگادا، چونكە زیادبوونی ئەم پێگەیە زیندووكەرەوەی زۆرێك لە كێشە جندەرییەكانی ژنانە لەبەرامبەر پیاوان لە كۆمەلگادا (Felshin, J. ١٩٧٤: ٣٩ ).

كەواتە ئەو كچانە دەگرێتەوە لە ڕەگەزی مێ كە وەرزش بەشێكی چالاكی یەكانی ژیانییان پێكدێنێت، ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی پێگەی كۆمەلآیەتی و شێوازێكی جییاوازی ژیانی كۆمەلآیەتی وەك كچێك لەڕووی پەیوەندی كۆمەلأیەتی و مامەلە و تێڕوانینینەكان لەگەلّ ئەندامانی تر كۆمەلگادا، كە خستنەوە ڕووی زۆرێك لە كێشە جندەرییەكانە لە چوارچێوەی وەرزشدا.

٣- كۆمەلگا: Society

كۆمەلگا گەورەترین و گشگیرترین پێكهاتەی كۆمەلآیەتیە لە كۆمەلێك تاكەكەس و خێزان و گروپ و تیرە پێكدێت وە خاوەنی كۆمەلێك دامەزراوەو پێكهاتەی كۆمەلآیەتی جیاجیایە لە چوارچێوەی سیستەمێكی بونیادنراوی كلتوری تایبەتدا. كۆمەلێك ئەندام لەخۆ دەگرێت كە داب و نەریت و لێكچوون وپەیوەندی گەلێك لەنێوانیاندا هەیە واتە ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە كەلەیەك كلتوری هاوبەشدان و پەیوەستی كۆمەلآیەتی كۆییان دەكاتەوە ( Taylor, S. ٢٠٠٠:٤).

كۆمەلگا بریتیە لەكۆمەلێك تاكەكەس كەدەژین لە هەرێمێكی دیاریكراو كەلە چەندین یەكەپێك هاتووە كە تایبەتمەندی خۆی هەیە و شارستانیەتی تایبەتی خۆی هەیە وە بەردەوامییان بۆ كات و زەمانێكی دووردرێژە ئەمەش هەستێكی كۆیان لا دروست دەكات،واتە لەكۆی یەكە كۆمەلآیەتی یەكان كۆمەلگا دروست دەبێت (Giddens,A.٢٠٠١:٢٢).

گەورەترین دامەزراوەی كۆمەلآیەتی یە كەتەواوی تاكەكان لەخۆی دەگرێت كەكۆمەلێك داب و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە كەتاكەكان پابەندن پێوەی بەمەش پەیوەندی كۆمەلآیەتی لەنێوان تاكەكان دروست دەبێت كەئامانج لێی دابین كردنی پێداویستی یەكانە لەگەلّ ڕێكخستنی كارو چالاكییەكان لەپێناو بەردەوامی و مانەوەی كۆمەلگا.

باسی سێهەم: قۆناغی مێژووی گەشەی پێگەی كچی وەرزشوان

ئەم باسە سێ تەوەرەی گرنگ لەخۆی دەگرێت ،كە پەیوەستە بە قۆناغەكانی گەشەكردن و فراوانی بواری بەشداری كردنی كچان وەك وەرزشوانێك وە كاردانەوە كۆمەلآیەتی بۆ دروست بوونی ئەم پێگە كۆمەلآیەتی تازەی كچان، وە ئەو جیاواز ڕووندەكاتەوە كەلە نێوان كۆمەلگاكاندا دەربارەی ئەو گەشەكردنی هەیە بۆ پێگەی كۆمەلآیەتی كچی وەرزشوان.

**تەوەرەی یەکەم: مێژووی گەشە و بەرەوپێش چوونی وەرزش لە کۆمەڵگاکاندا .**

مێژوو وەك هەمیشە پیشاندەری ئەو گۆڕاکاری و گەشەکردانە یە کە لە بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتووە، لێرەشدا یارمەتی دەرێکی باش دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی قۆناغەکانی دەستپێکردن وگەشکردنی وەرزش لە کۆمەڵگاکاندا وە تۆمارکردننی ئەو ڕاستی یە کۆمەڵایەتییانەی وەرزش دروستکەری بووە لە کێشە و دیاردەی تازە، چونکە قۆناغە مێژووییەکان شێوازی گەشەکردنەکان و کاریگەرییەکان دەخاتە ڕوو کە بەسەر وەرزش و وەرزشکاراندا هاتووە ئەمەش بەرچاو ڕووتی زانستی زیاتر دەبەخشێت لەسەر ئەو دیاردە و کێشانەی وەرزش لە کۆمەڵگادا دروستی دەکات بە تایبەتی کاتێك وەرزش لە تەواوی کۆمەڵگاکان بوونی هەبووە و لە گەشەکردندایە (Coakley. J, ٢٠٠١:٥٦).

هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، تاکەکان هەمیشە بیریان لەوە کردۆتەوە بەشێك لە کاتەکانی ژیانیان بە خۆشی و پێکەوە بەسەر بەرن بۆ ئەوەی بەشێك لە قورسای ژیانیان لەیاد بکەن و پەیوەندی و خۆشییەکانیان زیاتر بکەن، ئەم فۆڕمە سەرەتای دروست بوونی چەند جۆرێکی کەم و دیاریکراوی وەرزش بوو لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بۆیە جۆری ئەم وەرزشە سەرەتاییانە کە تا ئێستا هەندێکییان بوونی هەیە وە بەڵگەی ئەو گرنگییە کە بە وەرزش دراوە لە نێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کە وەك پێویستی یەکی ژیان سەیر کراوە. هەر بۆیە ناکرێت بە باشی لە جۆری يارييەکان تێبگەیت بێگەڕانەوە و بۆ مێژووی کلتور و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو کۆمەڵگای ئەو یارییەی تێدا دروست بووە کە هەر وەرزشە لە کۆمەڵگایەکی دیارکراوە دروست بووە دواتر هەندێکیان بوون بە وەرزشی جیهانی وەك یاری دوو گۆڵی (Jarvie. G, ٢٠٠٦ :٤٤-٤٦).

وە مێژوو گرنگی تایبەتی هەیە لەڕووی دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانکاری و گەشەیەی بەسەر وەرزشدا هاتووە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی یەوە لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا، ئەمەش واکرد نەك هەر وەرزش بەگشتی بەڵکو زۆرێك لە وەرزشە دیار و جیهانییەکان بنە خاوەنی مێژووی تایبەتی خۆیان. بەتایبەتی گەشەی وەرزش دەستی پێکرد دوای جەنگە جیهانییەکان و دەست پێکردنی شۆڕشی پیشەسازی لە ولأتێکی وەك بەریتانیا کە هۆکاری گەشە و بەرەو پێشچوونەکان بوون لە ڕووی دابینکردنی پێویستی یەکانی وەرزش، چونکە گۆڕانکاری گەورەی دروست کرد لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زۆرێك لە کۆمەڵگان ( Polly, M. ١٩٩٨: ٧).

بۆیە دوای ئەم قۆناغە وەرزش تەنها بۆ بەسەر بردنی هەندێك کات و بەدەستهێنانی خۆشی یەکی کاتی نەبوو، بەڵکو بە جۆرێك گەشی کرد کە فوتابخانە و تیمی تایبەت دروست بوو بۆ ئەو کەسانەی ئامانجییان بوون بە وەرزشوان بوو لە وەرزشێکی دیارکراودا، ئەمە بووە سەرەتایەك بۆ ململانێ و هەندێك کات توندیژی لە نێوان لایەنگراندا لەبەرئەوەی تیمی وەرزش وەك تەواوی گروپەکۆمەڵایەتی کانی تری کۆمەڵگا توانای کۆکردنەوە کۆمەڵێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و پێناسی کۆمەڵایەتی بۆ تاك کە وەك پشگیریکەر دەناسرێن، کە لە دوای ١٩٦٠ سەرنجی زانستی لە لایەن چەندین کۆمەڵناس و ئەنسرۆپۆلۆجستی خرایە سەر وەرزش و دەرکەوتەکانی لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی وەرزشدا (Giulianotti, R. ١٩٩٤:٩).

گەشە و فراوانی وەرزش زیاتر بوو لە نێوان (١٩٨٠-١٩٩٠) بە تایبەتی کاتێك وەرزش بەستراپەوە بە بوارەکانی تری ژیان وەك تەندروستی و ئابوری و نەتەوایەتی، بە تایبەتی ئەو تەوژمەی سەریهەڵدا لە دروست کردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تەندروستی و وەرزش، لەئەوەی وەرزش سەرچاوەی دەستەبەکردنی خۆپاراستن و تەندروستییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە ئەمە بووە سەرچاوەی سەرەکی کە گرنگی زیاتر بە وەرزش بدرێت و بێتە هۆی گەشەکردنی جۆر و تایبەتمەندییەکانی وەرزش چونکە بووە بەشێکی گرنگ لە شێوەی ژیانی تاکەکان بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکاندا دروست بوو ( Park, R. ١٩٩٤:٦٠-٦٢).

شۆڕشی تەکنەلۆجیی لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانە وەرزشی کرد بە جیهانی و جێی بایەخی زیاتر چونکە جیهانی بچوککردەوە بۆ گوندێکی بچوك وە بووە هۆی دروست بوونی ئاسانکاری و گۆڕان و گەشەکردن لە گشت بوارەکانی جیهاندا. وەرزش زیاتر بەهۆی ئەم شۆڕشەوە ناسراو وە کۆمەڵگاکانی زیاتر لە یەکتر نزیك کردەوە بە هۆی خێرای گواستنەوەی زانیاری لەسەر فیستڤاڵ و یارییەکان لە تەواوی بوارەکاندا، چونکە ڕاگەیاندن کە بەرهەمی ئەم شۆڕشە بووە هۆی دروست بوونی فۆڕمێکی تازەی وەرزش لە دوای ١٩٩٠ کە پێی دەوترێت وەرزشی مۆدێرن، ئەمە وای کرد تاك دوور لە یاریگا و ئۆلمپیاتەکان بەشداری تەوای یاری و ڕووداوەکان بێت کە لە ئەنجامی ئەو گەشکردنە خێرایی دروست بوو لە بواری ئامێرە تەکنەلۆجییەکان و سەرچاوەکانی گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان، وە شوێن و کات نەبێتە ڕێگر لەبەردەم تاك بۆ مومارەسەکردنی وەرزش و لایەنگیری تیمێك یان یارییەکی دیاریکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا (Magdalinski, T. ٢٠٠٩:١-٣).

تەواوی ئەم هۆکارانە لەسەدەی بیستدا بەهێزتر بوون بۆ گەشەکردنی زیاتری وەرزش، چ لەڕووی پێداویستی وەرزشی بێت یاخود سەرچاوەکانی گەیاندنی زانیاریی پەیوەست بە وەرزش، کە لە ئێستادا تاك ڕاستەوخۆ لە شوێنی خۆیەوە ئاگای لە تەواوی ڕووداوە وەرزشییەکانبێت لە ڕێگەی میدیای وەرزشی، ئەمەش بووە هۆی دروست بوون و تازەبوونەوەی زۆرێك لە کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتی یەکان لە فۆڕمی وەرزشدا وەك ڕەگەزپەرستی و پێناسی کۆمەڵایەتی و توندتیژی و جیندەر، مێژوو تۆمارکەری تەواوی ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتیانە لە گشت کۆمەڵگاکان کە مومارەسەی وەرزش دەکەن لە ژیانی ڕۆژانەدا (Wenner, L. ١٩٩٨:١٤).

تەوەرەی دووەم: بەشداری کچان لە وەرزشدا.

یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی زانستی کۆمەڵناسی وەرزش کە زۆرترین کاری لەسەر دەکرێت لە ئێستادا بەشداریکردنی ڕەگەزی مێیە لە وەرزش چونکە بە درێژایی مێژوو کێشە جیندەرییەکانی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەی تۆختر کردۆتەوە ، ڕەگەزی نێر بەهۆی ئەو پیاوسالاری کە هەیە لە کۆمەڵگا وەرزشی وەك تەواوی بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵکردووە بۆ خۆی بە جۆرێك کچ مافی تەماشاکردنی یارییەکانیشی نەبوو کە لە یۆنانی کۆندا دەکرا وە هەمیشە بەبیانووی جیندەر کچ و کوڕ جیادەکراوە لە وەرزشکردندا وە بە پێی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان زۆرترین ماف بە کوڕ دەدرا (Jones, Armour. ٢٠٠٠: ١٤٦).

لێرەدا ڕوونە کە ڕەگەزی مێ خاوەنی کۆمەڵێك بەربەست بووە و نەیتوانییەوە بەشداربێت لە مومارەسەکردنی وەرزش لە ژیانی کۆمەڵایەتی تەنها هۆکاریش جیاوازی ڕەگەزی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بووە کە لە لای ڕەگەزی نێربووە لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکان بۆیە مێژوو زیاتر باسی سەروەرییەکانی پیاوی وەرزشوان دەکات و

بۆشای گەورە هەیە دەربارەی جۆر و چۆنیەتی و دەستکەوتی کچانی وەرزشوان لە کۆمەڵگادا ( Vertinsky, P. ۱۹۹٤: ۱-۲).

بەڵام لەگەڵ بوونی هەموو ئەو ڕێگر و بەربەستە کۆمەڵایەتییانەی بە درێژای مێژوو هەیە کچان هەوڵییان داوە بەشێکبن لە بۆنە وەرزشییەکان وەك مومارەسەکاری وەرزش بێت یاخود تەماشاکار بەڵام ئەوەی لە مێژوو تۆمارکراوە زۆر کەم و دەگمەنە لە Bc ۳۹٦ تا ۱۹٦۸ کچانی وەرزشوان توانیویانە ببنەخاوەنی دەستکەوتی وەرزشی بەپێی بواری بەشداریکردنیان لە ئۆڵەمپیاتەکان، لەبەرئەوەی بواری بەشداری کردن زۆر بەرتەسك بووە بۆیە کەمترین توانا و لێهاتووی کچان بە درێژای ئەو مێژوو دەرکەوتووە وە لە هەندێك لە کۆمەڵگاکان وەرزشکردن بۆ کچان ڕێپێدراو نەبووە تاکو بەشداربن (Jarvie. G, ۲۰۰٦ :٤٤-٤٦).

شۆڕش و جولانەوەکان بەگشتی کاریگەرییەکی زۆری نەبوو لەسەر بەشداری کچان و زیارکردنی بوار لەبواری وەرزش تا دەرکەوتنی شۆڕشی فیمینستی ژنان لە ۱۹۷۰ کە داوای یەکسانی و داپەروەری دەکات لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە گەشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەم جولانەیەوە بووە سەرەتایەك بۆ ڕەخساندنی بواری زیاتر بۆ ئەو کچانەی دەیانەویست بەشداری وەرزش بن و کچ بوونیان ڕێگر نەبێت چونکە ڕوونە کۆمەڵگا لەگشت بوارەکاندا قۆرخکرا بوو لەلایەن پیاوان، وە هەمیشە ڕەگەزێ مێ بێبەش دەکرا بە جۆرێك هەموو جۆرە چالاکی و جولانێك ئاسایی بوو بۆ پیاوان بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ کچان شتێکی ئاسایی نەبوو بەبیانووی جۆراوجۆر، هەر بۆیە جولانەوە فیمینستییەکان بە ئامانجی نەهێشتنی ئەم نا یەکسانی و نا دادپەروەرییە بوو،ئەمە خاڵی دروست بوونی چەندین ڕیکخراوی ڕەسمی و نارەسمی بوو لە پێناو ئەم ئامانجە وە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا لەگشت بوارەکاندا بە تایبەتی بەشداری کچان لە وەرزش.بۆنمونە بەریتانیا کە خاوەنی شۆڕشی پیشەسازییە بۆ ماوەی (٥١) ساڵ ڕێگە لە ڕەگەزی مێ گیرا تا یاری دووگۆڵی بکات بەبیانووی جیاواز بەڵام تەنها هۆکار پەراویز خستنی کچان بوو لە وەرزشکردن، ئەم فەترە مێژووییە دەکەوێتە نێوان ۱۹۲۱-۱۹۷۲ کە بەتەمەنی تاریکی ناسراوە چونکە مافی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بە تایبەتی لە دۆخێکی خراپدا بووە، بەڵام جولانەوە و فکری و فیمنستی گۆڕانکاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لەسەر ماف وپێویستی یەکانی ڕەگەزی مێ (Williams, J. ۲۰۰۳:۳۳).

لەگەڵ دروست بوونی ئەم جولانەوە فکریە لەسەر بەشداری زیاتری کچان لە وەرزش، تەکنەلۆجیا لە ڕێگەی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە هۆکاری سەرەکی بوو لە بلاوکردنەوە و هاندانی ڕەگەزی مێ بۆ وەرزش کردن چونکە ڕێکخراوەکانی ژنان ڕاگەیاندنیان بەکارهێنا بۆ زیادبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەسەر ماف و پێویستی یەکانی ژنان وە بۆ گۆڕینی بەها پێوەرەکان، کە بێگومان یەکێك لە پێویستی یەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە وەرزشە چونکە سەرچاوەیەکە بۆ باشترکردنی لایەنی تەندروستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ژیانی تاك،بۆیە نەدەکرا کچان لەم بوارەی ژیان بێبەش بکرێت. ئەمە یەکێك بوو لە پاڵنەرەکانی دروست بوون و زیادبوونی ڕێژەی کچی وەرزشوان لە کۆمەڵگا جیاوازەکان، چونکە ڕاگەیاندن وەك بەشێك لەسەرچاوەکانی جیهانگیری لێکچوونێکی زۆری دروستکرد لە نێوان کۆمەڵگاکاندا وە پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئاڵوگۆڕی بەهاو پێوەرەکان و جۆری تێڕوانینەکان لەسەر کچی وەرزشوان (Stevenson, D. ۲۰۰۲:۲۱۰-۲۰۱۱).

دوای دەرکەوتنی هەموو ئەم پاڵنەرانە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان چونە قۆناغی پۆستمۆدێرنەوە کە یەکێکە لەو بابەتانەی جێی بایەخ و گرنگ پێدان بوو بە بەشداری ژنان لە وەرزش کردندا، وە چەندین بواری گرنگ بەدەستهات بۆ ئەو کچانەی ئارەزوی وەرزش دەکەن و توانا و لێهاتووییان هەیە لە بوارە جیاوازەکانی وەرزشدا تا بێبەش نەبن لەو پێگە و پێناسی کۆمەڵایەتی کە وەرزش دەی بەخشێت بە تاکەکانی کۆمەڵگا( Parratt, C. ١٩٩٨:٥-٦)، ئەم گۆڕانکارییانە چەند دەستکەوتێکی گرنگی بۆ ژنان بە دەستبەر کرد لە بواری وەرزشدا

- زیادبوون و دروست بوونی دەرفەتی زیاتری بۆ کچی وەرزشوان
- داڕشتنەوەی یاساکان کە یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەز لەبەر چاوبگرێت
- بەجیهانی بوونی جوڵانەوەی ژنان لە گشت کۆمەڵگاکان
- گرنگیدانی زیاتر بە کچانی وەرزشوان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن
- بەستنەوەی جوڵانەوەکان وەك ئەوپەیوەندییەی لە نێوان تەندروستی و وەرزش هەیە ( Coakley. J, ٢٠٠١:٢٠٣).

ئەم بارودۆخە لە سەدەی بیستەم گەشی زیاتری کرد بۆیە کچانی وەرزشوان دەستکەوتی وەرزشی زیاتریان بە دەست هێنا لە تەواوی فیستڤاڵییە وەرزشی یەکان وە بۆ هەندێك وڵات کچانی وەرزشوان زیاتر جێگای شانازی بوون لە ڕووی بەدەستهێنانی نازناوی وەرزشی لە یارییەکان جیاوازەکاندا، ئەم ڕۆڵە گرنگەی کچانی وەرزشوان بووە هۆی جێگیربوون و بە بەهابوونی زیاتری پێگە کۆمەڵایەتیەکەیان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بە پێی توێژینەوەی کۆمەڵناسان (Borish, L. ١٩٩٦: ٤٣).

بەڵام جوڵانەوەکان و دەستکەوتە وەرزشییەکان نەبووە هۆی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژنان لە بواری وەرزشدا لە سەدەی ٢٠ دا، چونکە جیاوازییەکی زۆر دەرکەوت لە گواستنەوەی هەواڵ و گرنگی پێدانی میدیای لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا، وە زۆربەی بەرنامە و پرۆگرامە وەرزشی یەکان بۆ وەرزشوانی کوڕ تەرخانکراوە لە ڕووی کات و گرنگی پێدانەوە، وە هەمیشە گرنگی پێدانی زیاتر هەیە بۆ وەرزشی کوڕان و چالاکییەکانییان لە ئۆڵەمپییات و فیستڤاڵە وەرزشی یەکان لەبەرنامەکاندا (Wenner, L.١٩٩٨:١٧٠).

وە هەندێك لە توێژینەوە سۆسیۆلۆجییەکان ئەو ڕاستی یە کۆمەڵایەتیەیان دۆزیەوە کە ڕەگەزی مێ زۆرکات بەبیانوی وەرزش بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەسەتی ئابوری و بازرگانی و ڕیکلامی کۆمپانیاکان بۆ نمونە کۆمپانیای Nike لە چوارچێوەی هاندانی کچان بۆ وەرزشکردن دەرکەوتووە ئامانجی ڕاکێشانی زۆرترین بەکاربەر و کڕیار بووە بۆ شمەکەکانی نەك خزمەتکردن و گەشەکردنی بەشداری کچان لە وەرزشدا چونکە دوای ئەو ڕیکلام و هاندانە بەناوی (If you let me play) کە کەمپینێك بوو بۆ مەبەسی زیادبوونی ڕێژەی کچانی وەرزشوان بوو ، بەڵام بووە هۆی ئەوەی بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنەر تۆمار بکرێت وە لۆگۆی ئەم کۆمپانیایە ببێتە بەشێك لە ناسنامەی کچان لە بەکارهێنانی جۆری ئەو کەلوپەلانەی رۆژانە بەکاری دەهێنن، ئەمەش کۆنترۆڵی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پیاو سالاری و باڵادەستی ڕەگەزی نێر دەردەخات لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە چونکە لەگەڵ ئەو هەموو گەشەکردنەی دروست بوو لە بەدەستهێنانی مافی ژنان لە کۆمەڵگای مودێرندا هەوڵدەدرێت کچان بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێن و لە ئامانجە سەرەکییەکە دووربخرێنەوە کە ماف و بەرپرسیارێتی و ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییە (Lucas, ٢٠٠٠ :١٥٠-١٥٢).

بەشداری و گەشەی وەرزشی کچان لە کۆمەڵگای کوردیدا بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕیوە وەك تەواوی کۆمەڵگاکانی تر، ئەگەر چی وەرزش لە دوای ١٩٣٠از دەرکەوتووە لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا بەڵام ئەم بوارە درەنگتر گەیشت بە کچان لەبەر بەربەستە کۆمەڵایەتی یەکان. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کچان لە دوای ١٩٦٠ توانیان بەشداری وەرزش بکەن و کچی وەرزشوان دروست بوو کە خاوەن پێگەو ڕۆڵێکی دیاربوون لەو بوارەدا[1] . ئەم بووە سەرەتایەکی باش بۆ گەشی وەرزشی کچان و بەردەوام بوونی کچان لە گشت بوارەکانی وەرزش لەبەرامبەر ئەو هەموو ڕێگرییانەی هاتۆتە بەردەم ڕەگەزی مێ هەتا ئەمڕۆ چونکە جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەین لەبەشداری کچان و دروست بوونی چەند تیمی کچان و هەبوونی ئەکادیمیای تایبەت بە پێگەیاندنی وەرزشوانی کچ لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا[2]

ئەگەر چی لێکچونێك هەیە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا سەبارەت بە مێژووی بەشداری کچان لە وەرزشدا بەڵام لەبەرامبەردا جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت لەڕووی گەشە و بەرەوپێشچونی بواری وەرزشی کچان، کە ئەمەش پەیوەندی هەیە بەهەریەك لە سیکتەری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، کە کۆمەڵگاکانی دابەشکردووە و جیاوازی و نادادپەروەری دروست کردووە لەنێوان ئەو تاکەکانەی وەرزش بۆتە بەشێکی سەرەکی ژیانیان بەتایبەتی بۆ ڕەگەزی مێ کە بە درێژای مێژوو بە بیانوی جیاواز ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بەربەست بوونەتەوە.

تەوەرەی سێیەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کچی وەرزشوان.

دوای ئەوەی وەرزش بووە بابەتێکی سەرەکی و بایەخدار بۆ زۆرێك لە کۆمەڵگاکان و فۆڕمێکی جیهانی وەرگرت، بۆیە لە تەواوی کۆمەڵگاکان بە جۆری جیاواز و تایبەت پراکتیزەی وەرزش دەکرێت، وە گەشەی تەکنەلۆجی و بڵاوبوونەوەی بەها و پێوەرەکان گرنگی و پێویستی وەرزشی بۆ تەواوی بوارەکانی ژیانی تاك دەرخست لەبەرئەوەی وەرزش تەنها بۆ پێویستییەکی ژیانی تاك وەك کات بەسەربردن نەبوو بەڵکو بووە پێویستی تەندروستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وسیاسییەکان (Coakley, Hughes, ١٩٨٤:٥٧).

لەسەربنەمای ئەم گرنگی و پێویستییەی وەرزش، ژنان هاوشانی پیاوان وەرزشکردن و گرنگی پێدانی وەرزش وەك مافێکی سەرەتای خۆیان دوور لە هەرجۆرە پاوانخوازی و تێڕوانینی مامەڵەی خراپی تاکەکانی کۆمەڵگا، واتە جیاوازی ڕەگەزییان بێتە بەربەست لەبەردەم حەز و توانای وەرزشییەکانیان. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە دوای تێپەڕپونی تەواوی ئەو بەربەستانەی هەبوو لە بەشداری و دروست بوونی کچانی وەرزشوان ئایە کاردانەوە کۆمەڵایەتیەکان چ کاریگەرییەك لەسەر کچان دروست دەکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا. چونکە بیرمان نەچێت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەسەر ئەو کچانەی دەیانەوێت ببن بە وەرزشوان، وەك ئەوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی هاندەرە یان بە پێچەوانە پڕیەتی لە بەربەست و ڕێگر لە دروست بوونی ئەو پێگەی کۆمەڵایەتییەی پێی دەوترێت کچی وەرزشوان، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك لە چوار لایەنی سەرەکی کاریگەری لەسەر ڕەگەزی مێ دەبێت.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.احمدبەهادین عەلی،مامۆستای سکوڵی پەروەردەی وەرزش، ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگە،بەروار٢٠١٦/١/٤ ماوەیچاوپێکەوتن٨خولەك

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.انورمحمود ڕەحیم،پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستای سکوڵی پەروەردەی وەرزش، زانکۆی سلێمانی، بەروار٢٠١٦/١/٤ ماوەیچاوپێکەوتن٨خولەك.

- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ژنان.
- ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی ژنی تێدا دەژی.
- سروشتی بەهاوپێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگایە.
- دەزگا کۆمەڵایەتییە ڕەسمی و نارەسمی یەکانی پێگەیاندنی ژنان (الحسن.ا ،٢٠٠٥: ١٨٨-١٨٩).

ڕوونە کە بونیادی کۆمەڵایەتی  کۆمەڵگای کوردی پڕیەتی لە ڕێگر بۆ کچی وەرزشوان چونکە کۆمەڵگای کوردیش وەك تەواوی کۆمەڵگانی تر دەسەڵاتی پیاو سالاری زاڵە بەسەریدا  کە لە بوارێکی دیاریکراوی  وەك وەرزشدا زیاتر ڕەنگی داواوەتەوە، بۆیە کچی وەرزشوانی کورد لە بونیادی کۆمەڵایی دا بە ئێستاشەوە ڕێگری کۆمەڵایەتی هەیە و تێڕوانی کۆمەڵایەتی و کەسانی چواردەور بەربەستە لەبەردەم زۆرێك لەکچان کە توانای وەرزشییان هەیە[٣]، زۆربەی کچی وەرزشوانی کورد پشتگیری دەکرا یان دەکرێت لەلایەن یەك ئەندامی خێزانەکەی بۆ ئەوەی مومارەسەی وەرزش بکات ئەمەش گەورەترین کێشەی بەردەم کچی وەرزشوان بوو کە لە دۆخێکی دەرونی نائارامدا بوو کاتێك وەرزشیان دەکرد، بێگومان ئەوەش پەیوەستە بە بابەتێکەوە کەپێی دەوترێت هۆشیاری کۆمەڵایەتی کە زۆر بەهیواشی گۆڕانی بەسەردا دێت لە کۆمەڵگای کوردیدا[٤]، ئەگەر چی لە ئێستادا بەربەستی کۆمەڵایەتی کەمترە وە ژمارەی کچی وەرزشوان زیاترە چونکە بواری وەرزشکردنی کچان لەبارترە بە بەراورد بە پێشتر بەلاَم هێشتا ڕێگری هەیە لەبەردەم کچان،بۆیە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك خێزان دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە بەهێزبوون یان لاوازببونی ئەم بەربەستە کۆمەڵایەتی یە لە کۆمەڵگادا[٥].

هەموو بونیادێکی کۆمەڵایەتی هەڵگری کۆمەڵێك ڕێگر و بەربەست کۆمەڵایەتی، ئەم ڕێگرییانەش بەپێی تاکەکان (نێر و مێ) و چوارچێوەی ئەو بابەتە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو بەربەستەی زاڵە و کاریگەری هەیە لەسەر وەرزشی کچان ڕێگرییە کۆمەڵایەتی یەکانە لە چوارچێوەی ئەو گومان و بڕیارە پێش وەختانەی  لەسەر کچی وەرزشوان هەیە هەمیشە (ئەو کچە نابێت وەرزش کا، ئەزانی زۆر کێشەیە کچ وەرزش بکات، کچ و وەرزشییان کوا وتوە،مەیەڵە ئەو کچە بڕوات بۆ یاری کردن، ئیتر گەورەبووە نابێت بڕوا بۆ یاریکردن،  ئاخر کوا وەرزش بۆ کچ ئەبێت ...) ئەم تێڕوانینە گشتیانە کە ڕووبەڕووی کچی وەرزشوان دەبێتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، سەرەتایە بۆ ڕێگری کردن و وەستانی ڕەگەزی مێ بۆ ئەوەی وەرزش بکات لە بوارێکی دیارکراو کە توانای هەیە، ئەمەش دوو خاڵی سەرەکی بە ئێمە دەڵێت: یەکەم وەرزش تەنها لە چوارچێوەی هێزی جەستەیی دەبینن و دەیبەخشینە ڕەگەزی نێر (دەسەڵاتی پیاو سالاری) دووەم نەبوونی شارەزایی و بەرتەسکی فکیرمان بۆ وەرزش کە لە پێمان وایە وەرزش واتە چەند یارییەکی دیارکراوی وەك فوتبۆڵ (هۆشیاری کۆمەڵایەتی) بۆیە کارکردن لەسەر ئەم دوو لایەنە هەوڵی زانستی ڕێکخراوی پێویست بۆ کەمکردنەوەی  سەرچاوەی  ئەو ڕێگرییانەیە کە لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی هەیە بۆ کچی وەرزشوان.

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ شنۆ زاهیرحکیم،مامۆستای سکوڵی پەروەردەی وەرزش،زانستی ڕاهێنان،بەروار٢٠١٦/١/٤ ماوەیچاوپێکەوتن٥خولەك.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕازاو عبدالرحمان،مامۆستای سکوڵی پەروەردەی وەرزش، ڕاهێنەری مەلەوانی،بەروار٢٠١٦/١/٤ ماوەیچاوپێکەوتن٨خولەك.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ سازان عومەر،یاریدەدەری توێژەر، ڕاهێنەری وەرزشی،بەروار٢٠١٦/١/٤ ماوەیچاوپێکەوتن١٠خولەك.

دەروازەی دووەم:

لایەنی مەیدانی

**باسی یەکەم : ڕێوشوێنە میتۆدیەکانی نوسینی توێژینەوەکە**

ئەم باسە شەش تەوەرەی سەرەکی لەخۆی دەگرێت تەواوکاری لەنێوان هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان و گەیشتن بەئەنجام و دەرئەنجامەکان لە چوارچێوەی (پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان)

**تەوەرەی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە**

بریتی یە لەو ڕێگەیەی بەهۆیەوە ڕاستییەکی زانستی دەدۆزرێتەوە لەڕێگای دۆزینەوەی کۆمەڵێك ڕێگای گشتی کەدەست دەگرن بەسەر ژیانی مرۆڤدا و دەست نیشانی چالاکی یەکانی دەکەن ، ئەمەش لەپێناوی گەیشتنە بە ئەنجامێکی ڕۆشن (الحسن. احسان،١٩٨٢ :٣٣٣).

زۆر لەوانەی لەبواری کۆمەڵایەتی دا کاردەکەن،پرۆگرامێکی زانستییان بەکارهێناوە لەکاتی توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا یان بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەکی زانستی،پاش ئەوەی ئەو شێوازە زانستیانە کەلەتوێژینەوەکاندا بەکارهێنراپێشکەوتنێکی بەر چاوی بەخۆیەوە دیوە و گەیشتن بەکۆمەڵێك یاساو تیۆر لەبواری توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا(عمار. حمید،١٩٦٤: ٦١).

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی :

ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە ( منهج المسح الاجتماعی):

یەکێکە لەڕێبازە زانستییەکان لە جۆری (توێژینەوەی وەسفی) کەبریتیە لەدیاریکردنی کارەکتەرەکانی دیاردەیەکی دیاری کراو کەپشت دەبەستێت بە کۆکردنەوەی زانیارییە ڕاستیەکان دەربارەی ئەو دیاردە دیاری کراوە (عمر. معن، ١٩٨٣: ١٤٣).

**تەوەرەی دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە**

کارێکی ئاسان نیە لەبواری توێژینەوەدا سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا وەربگرین، کەدەکەونە چوارچێوەی توێژینەوەکە بۆیە ژمارەیەکی گونجاو وەردەگرین کە گوزارشت لەو کۆمەڵ بکەن(الحسن، عبدالباسگ، ١٩٧١: ٤٠٥).

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە زانکۆی سلێمانییە و بەشی وەرزش هەڵبژێراوە، وە ئەو کچانە وەرگیراون کە خوێندکاری بەشی وەرزشن لە زانکۆی سلێمانی کە وەك وەرزشوان و شارەزا لە بواری وەرزش ڕۆڵ دەبینن لە داهاتوودا ،ئەمەش لەپێناوی دەست کەوتنی وەڵامێکی ڕاست تا ئاوێتەی لایەنە تیۆرەکەی بکەین و بەسەرجەم بیروڕاجیاوازەکان ئاشنابین.

**تەوەری سێ یەم: نمونەی توێژینەوە**

وەرگرتنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بۆتوێژینەوە کارێکی ئاسان نییە کەڕەنگە کات و تێچوون بوار نەدات بۆ ئەنجامدانی وەها کارێك ،بۆیە لێرەدا بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەشێکی دیاریکراو وەردەگرین کە (٥٠)

خوێندکاری کچ وەردەگرین کە پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوانییان هەڵگرتووە، ئەمەش (نمونەی توێژینەوە ) کەیە، کە گوزارشت لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە دەکات و دەتوانرێت ئەو ئەنجامانەی لێ بەدەست بهێنرێت و بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەدا (عمر.معن، ١٩٩٦: ١٨٨).

**تەوەرەی چوارەم: سنوری توێژینەوەکە**

أ- بواری مرۆی/ مەبەست دیاریکردنی ئەو کۆمەڵە کەسانەیە کە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەن و دەبنە نمونەی توێژینەوەکە، لێرە تەنها ڕەگەزی (مێ) لە بەشی وەرزش وەرگیراوە.

ب- بواری شوێنی/ ئەو شوێن و جێگایەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت بواری شوێنی توێژینەوەکەمان بریتیە لە بەشی وەرزش کە ساڵانە ژمارەکی تایبەت لە کچان وەردەگرێت بۆ خوێندنی ئەکادیمی وەرزش و بوون بە وەرزشوان.

ج- بواری کاتی/ ئەو ماوەیە کەتایبەتە بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە،ماوەی توێژینەوەکە مان لە ٢٠١٥/٧/١ بۆ ٢٠١٥/١٢/١ بووە .

**تەوەری پێنجەم: کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

ئەو کەرەستانەی لەم توێژینەویەدا بەکارهاتووە بریتیە لە .

١- چاوپێکەوتن / ( interview ) یەکێکە لەو ئامرازانەی کەتوێژەر لەتوێژینەوەدا پشتی پێدەبەستێت ئەمەش لەپێناوی دەستکەوتنی زانیاری بەپێز سەبارەت بەتوێژینەوەکە،وە هۆکاری بەکار هێنانی لە پێناو دەست کەوتنی ڕاستی یە زانستی یەکانی پەیوەست بەم بابەتە و بەستنەوەی بەلایەنی مەیدانی یەوە ، وە سەلماندی ئەو گریمانانەی توێژینەوەی لەسەر بنیاتنراوە، جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی بەکارهێنراوە .

- چاوپێکەوتنی تاکەکەسی :( individual interview)

یەکێکە لە ڕێبازە باوەکانی توێژینەوەی زانستی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتێکی دیاری کراو لە پێناو دەرخستنی هەقیقەتی کێشە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش شێوە سادەکەی چاوپێکەوتنە کە لە نێوان توێژەر و کەسی مەبەستداردا دەکرێت دەربارەی بابەتی دیارکراو کە دەشێت کێشەیەك بێت یان کلتورێك بێت (Bryman, ٢٠١٢:٤٦٩) .

لە بەکارهێنانی دا توێژەر کۆمەڵێك لەنمونەی توێژینەوەکە کە پەیوەستن بە بابەتی مەبەستدار کۆدەکاتەوە بۆ گفتوگۆکردن و وەڵام دانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە لەپێناو دەست کەوتنی زانیاری پێویست کە ئەم ڕێبازە بەهۆی تایبەتمەندییەکانی یەوە دەیبەخشێت، کەئەویش دەست کەوتنی زانیاری جیاواز و چڕە کە پێویستی توێژینەوەیە( May, ٢٠٠١:١٢).

٢- فۆڕمی ڕاپرسی/

پێك دێت لەکۆمەڵێك پرسیار کەهەندێکیان کراوەیە،هەندێکیان داخراون وە هەندێکیان پەیوەستن بەڕاستی یەکان وە هەندێکیان پەیوەستن بەڕا و بۆچوون و هەڵوێستەکان وە هەندێکییان گشتی و هەندێکی تریان تایبەتمەندن (احسان. الحسن ،١٩٩٤: ٥٦).

بۆکۆکردنەوەی زانیاری توێژەران هەستان بەداڕشتنی فۆڕمێکی ڕاپرسی کەچەند پرسیارێك لەخۆ دەگرێت کە تایبەتە بەبابەتی توێژینەوەکە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەش چەند هەنگاوێکمان گرتەبەر

ا - فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاریەکانمان دابەشکرد بەسەر کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان دەرئەنجامی کۆمەلێك سەرنج و تێبینی یان لەسەر بڕگەکانی فۆڕمەکە خستەڕوو،لەئەنجام کۆمەڵێك دەستکاری و گۆڕانکاری لە فۆڕمەکەدا کرا.

ب- پاشان فۆڕمی ڕاپرسی یەکە ئامادەکرا،کەبریتی بوو(١٢) بڕگە دابەشمان کرد بەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە (٥٠ ) ئەندام بوو .

**٦-ئامرازە ئاماریەکانی توێژینەوە:**

**لەم توێژینەوەیە ئەم ئامڕازە ئامارییانە بەکارهاتووە**

١- ڕێژەی سەدی (احسان. لحسن،١٩٨٢: ١٥٢) = بەش / گشت × ١٠٠

**باسی دووەم**

**خستنەڕووی ئەنجامی خشتەکان و شیکردنەوەیان**

**خشتەی ژمارە (١)**

**تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو**

| تەمەن | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ٢٠-٢٤ | ٤٥ | ٪٩٠ |
| ٢٥-٢٩ | ٥ | ٪١٠ |

لەم خشتەیەدا نمونەی توێژینەوەکەمان لە(٩٠٪) ئەوانە دەگرێتەوە کەلەنێوان (٢٠-٢٤) ساڵدایە وە لە(١٠٪) ئەوانە دەگرێتەوە کەلەنێوان (٢٥-٢٩) ساڵدایە. ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆری نمونەی توێژینەوەکە گوزارشت لەنەوەی نوێدەکات کە لە پەیوەندییەکی باشتر و نزیکترین بەهۆی جیهانگیری و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا، وە کۆمەڵگای توێژینەوەکەش کە شوێنی ئەکادیمیە هۆکار بووە بۆ هەبوونی نمونەی توێژینەوە لە گەنجان، ئەمەش گرنگی و تایبەتمەندی زانستی دەبەخشێتە توێژینەوەکە لەبەئەوەی لە ڕێگەی تێڕوانینی ئەم توێژەوە خوێندنەوە بۆ پێگەی کچی وەرزشوان دەکرێت، وە لە ڕێگەی ئەم توێژەوە ئەو گۆڕانکارییانە دەدۆزرێتەوە کەبەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشواندا هاتووە لە کۆمەڵگای کوردی.

خشتەی ژمارە (٢)

باری خێزانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| باری خێزانی | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەڵت | ٣٦ | ٪٧٢ |
| خێزاندار | ١٤ | ٪٢٨ |

لەم خشتەو هێڵکارییەدەردەکەوێت نمونەی توێژینەوەکەمان لە(٪٧٢)سەڵتەو ژیانی هاوسەرگیری پێك نەهێناوە وەلە(٪٢٨)خێزاندارە، لێرەدا ئەو پەیوەندییە ڕووندەبێتەوە کە لە نێوان باری خێزانی و وەرزشکردندا هەیە چونکە بواری وەرزشی زیاترە بۆ ئەو تاکانەی سەڵتن بەتایبەتی لە بواری ئەکادیمیدا چونکە بەر پرسیارێتی تاکی خێزاندار بە بەراورد بە تاکی سەڵت زیاترە، ئەمەش بۆ کچان زیاتر ڕاستە لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی ئەرکی منداڵ بوون و بەخێوکردن دەبنەوە، بۆیە زۆرکات باری خێزانی هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە و بەردەوام نەبوونی کچان لە وەرزش. ئەمەش تێڕوانینێکی هەیە کە وەرزش کردنی کچان بە باری خێزانییەوە دەبەستێتەوە.

خشتەی ژمارە (٣)

شوێنی نیشەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| شوێن | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| شار | ٢٩ | ٪٥٨ |
| دەرەوەی شار | ٢١ | ٪٤٢ |

لەم خشتەو هێڵکارییە شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەبێتەوە کە لە(٪٥٨) لە شاردانیشتەجێیە وە لە (٪٤٢) لەدەرەوەی شاردا نیشتەجێ یە ، لەم ڕێژەیەدا ئەگەر ئەوە دەردەخات کچانی وەرزشوان لە ناو شار زیاترە بەڵام ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە پیشان دەدات لەڕێژەی بەشداری کچانی دەرەوەی شار کە خاوەنی ڕێگری و بەربەستی کلتوری و پێکهاتەی زیاترن. بۆیە دەکرێت بڵێین بەشداری کچان لە وەرزش بە گشتی و دەرەوەی شار بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆرانکارییە کلتوری و فکیرییەی دروست بووە بۆ کچی وەرزشوان کە زانکۆ وەك دامەوزراوەیەکی زانستی هاوکار و ڕێخۆشکەربووە بۆ ئەو گۆڕانکاری و کرانەوەیە.

خشتەی (٤)

هۆکاری هەڵبژاردنی پێگەی کۆمەڵایەتی وەرزشوانی کچ ڕوون دەکاتەوە

| هۆکار | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| حەزوئارەزوی وەرزشوان | ٣٥ | ٪٧٠ |
| پاشەرۆژێکی باش | ٦ | ٪١٢ |
| هەبوونی بەهرەی وەرزشی | ٩ | ٪١٨ |

لەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە (٪٧٠) نمونەی توێژینەوەکە حەزوئارەزو بۆ وەرزشکردن سەرچاوەی هەڵبژاردنی ئەم پێگە کۆمەڵایەتی بووە، وە لە (٪١٨) هەبوونی بەهرەی وەرزشی بە هۆکاری بوونی پێگە وەرزشییەکەی خۆیان دەزانن، وەلە (٪١٢) چاوەڕوانی پاشەڕۆژی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەن چونکە بواری کارکردن تێدا فراوانە، ئەوەی لێرەدا ڕوونە حەز و ئارەزو هۆکاری سەرەکییە بۆ بوون بەرزشوانی زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان تا ڕەگەزی مێ بتوانێت بەردەوامبێت بۆ پاراستنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی با بەربەستەکانیش زۆربێت لەبەرامبەر کچانی وەرزشوان.

خشتەی (٥)

پێکهاتەی خێزانی کچی وەرزشوان دەردەخات لە پەیوەندی بە وەرزشەوە

| وەڵام | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٢ | ٪٤٤ |
| نەخێر | ٢٨ | ٪٥٦ |

لەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە (٪٤٤) نمونەی توێژینەوەکە ئەندامانی تری خێزانەکەی وەرزشوانن، کەئەمەش کاریگەری هەبووە لە بوون بە وەرزشوانی ئەوان و چونە ناو دەمەزراوەیەکی ئەکادیمی وەرزشی ، بەڵام لە (٪٥٦) نمونەی توێژینەوەکە هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی وەرزشوان نییە ئەمەش ئەو گۆڕانکارییە پیشان دەدات لە هەڵبژادنی پێگەی کۆمەڵایەتی تاك کە تەنها کاریگەر نییە بە ئەندامانی خێزان بەڵکو پەیوەندی و کارلێکەکانی فراوانتر و گشتگیرتربووە بۆیە زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە ئەم پێگەیە نا بەستنەوە بەوەی بە پێگەی ئەندامانی تری خێزانەکەیان.، لێرەدا زاڵبوون و کاریگەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك دەزگا پەروەردە و ڕاگەیاندن دەردەخات لە دیارکردن و ئاڕاستەکردنی تاك بۆ هەڵبژاردنی پێگەی کۆمەڵایەتی دیارکراو بۆ داهاتووی.

خشتەی (٦)

کاردانەوەی خێزانی کچی وەرزشوان ڕوون دەکاتەوە

| وەڵام | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٥ | ٪٩٠ |
| نەخێر | ١ | ٪٢ |
| تاڕادەیەك | ٤ | ٪٨ |

لەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە (٪٩٠) نمونەی توێژینەوەکە خێزانانەکانیان هاوکار و یارمەتیدەربوون بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێگەی وەرزشوانییان هەبێت، ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی دامەزراوەی خێزان دەردەخات لە زۆر بوون و گەشەکردنی ئەم پێگە کۆمەڵایەتی یە بۆ کچ، چونکە ڕێگرییەکان لەهەر ئاستێکدابێت تاك بەهۆی خێزانەوە دەتوانێت زاڵبێت بەسەریدا. بەلاَم ئەگەر خێزان خۆی ڕێگربێت ئەوا کچ ناچار بە بڕیاری وازهێنان دەبێت لەبواری وەرزشدا. ئەوەی گرنگە هۆکاری ئەم ڕێژەیە لە ئیستادا دەگەڕێتەوە بۆ چەندن خاڵێکی سەرەکی وەك زیادبوونی هۆشیاری کۆمەلاَیەتی و بە ئەکادیمی بوونی بواری وەرزش و دەرفەتی کارکردنی ئەو بوارە و فراوانی بوونی مافەکانی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا.

خشتەی (٧)

کاردانەوە و هەڵوێستی هاوڕێ و کەسی نزیکی کچی وەرزشوان ڕوون دەکاتەوە

| وەڵام | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | ٢٥ | ٪٥٠ |
| مام ناوەند | ١٨ | ٪٣٦ |
| خراپ | ٧ | ٪١٤ |

لەم خشتەیە کاردانەوەی کەسە نزیکەکانی کچی وەرزشوان بۆ بەشداری کچ لە وەرزشکردن و بوون بە وەرزشوان ڕوون دەبێتەوە کە لە ٪٥٠ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کاردانەوەی هاوڕێ و دۆستانییان باشە بۆ ئەو پێگەی هەڵییان بژاردووە، وە لە ٣٦ ٪ نمونەی توێژینەوە تاڕادەیەك لەگەڵ بوون بەوەرزشوانی کچن، وە لە ٪١٤ بیرکردنەوە و تیڕوانینی خراپیان هەبووە لەسەر هەڵبژاردنی پێگەی وەرزشی وەك کچێك. ڕوونە تیڕوانین و کاردانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە بەراورد بەپێشوو، ئەمەش بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگا و کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەسەر ناساندنی وەرزش وەك کایەکی گرنگی کۆمەڵگا.

**خشتەی (٨)**

**تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر کچی وەزرشوان دەخاتەڕوو**

| وەڵام | دووبارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| ئاساییە | ٣٠ | ٦٠٪ |
| خراپ | ١٥ | ٣٠٪ |
| زۆر خراپ | ٥ | ١٠٪ |

ئەم خشتەیە تێڕوانینی تاکەکان بەگشتی لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان ڕووندەکاتەوە کە لە ٦٠٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئێستادا لە ئاستێکی باش دایە و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، وە لە ٣٠٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تێڕوانی تاکەکان خراپە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان و وەرزشوان بوونی کچ بە پێویست نازانن، وە لە ١٠٪نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تێڕوانینەکان زۆر خراپە بۆ کچێك کە دەیەوێت ببێتە وەرزشوان. تێروانینی تاکەکان وەك هۆکارێکی کۆمەڵایتی کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردن و لاوازبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان لە کۆمەڵگادا کە لە ئێستادا تێڕوانینەکان ئەگەر چی لە ئاستی پێویستدانین بەلاّم گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەرفەتەکانی بەشداری کچانی زیاتر کردووە بە تایبەتی ئەو کچانەی دەیانەوێت سود لە دامەزراوەیەکی ئەکادیمی وەك زانکۆ وەرگرن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر قبوڵکراوە.

**خشتەی (٩)**

**هەبوونی تانەو تەشەر (توندوتیژی زمانەوانی) بەرامبەر کچی وەرزشوان ڕوون دەکاتەوە**

| وەڵام | دووبارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ١٤ | ٢٨٪ |
| نەخێر | ٢٠ | ٤٠٪ |
| تاڕادەك | ١٦ | ٣٢٪ |

ئەم خشتەیە توندوتیژی زمانەوانی بەرامبەر کچی وەرزشوان ڕووندەکاتەوە کە لە ٢٨٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڵێ تا ئێستا تانە و تەشەر و گاڵتەکردن بە کچانی وەرزشوان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا بوونی هەیە چونکە پێیان وایە کچ نابێت وەرزش بکات و ئەم بوارە تایبەتە بە پیاوان، وە لە ٤٠٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە توندوتیژی زمانەوانی بەرامبەر کچی وەرزشوان نەماوە و توشی هیچ جۆرە گاڵتە و تەشەرێك نەبوونەتەوە، بەلاّم لە هەمان کاتدا لە ٣٢٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان تاڕادەك توندوتیژی زمانەوانی ماوە بەرامبەرییان لەبەرئەوەی وەرزشوانن . کەواتە ئاشکرایە ئەگەرچی توندوتیژی زمانەوانی بەرامبەر کچی وەرزشوان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بەلاّم لە٦٠٪ نمونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی زمانەوانی بوونەتەوە لەبەر پێگەی کۆمەلاّتییان کە وەرزشوانە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی فیکری پیاوسالاری کە پیاو بە سەرچاوە و شیاو بۆ گشت بوارەکان دادەنێت وە نەبوونی یاسا و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە ڕێگیرکردن لەو تاکانەی سنوری کەسانی تر دەبەزێنن.

خشتەی (١٠)

کاریگەری پێگەی کۆمەلأیەتی (وەرزشوانی) لەسەر ژیانی کۆمەلأیەتی کچ دەردەخات

لەم خشەیەدا ڕووندەبێتەوە کە پێگەی کۆمەلأیەتی(وەرزشوانی) تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی

| وەلأم | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ٪١٤ |
| نەخێر | ٢٩ | ٪٥٨ |
| تاڕادەك | ١٤ | ٪٢٨ |

کۆمەلأیەتی کچ، کە لە ١٤٪ نمنونەی توێژینەوەکە پێیان وایە وەرزشوان بوون کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەلأیەتی کچ دادەنێت ، وە لە ٥٨٪ نمنونەی توێژینەوەك پێیان وایە وەرزشوان بوون کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەلأیەتی کچ دانانێت، بەلأم ٢٤٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە پێگەی کۆمەلأیەتی وەرزشوان تاڕادەیەك کاریگەری لەسەر کچی وەرزشوان دادەنێت. لەم ڕێژەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت وەرزش نابێتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر ژیانی کۆمەلأیەتی چونکە ئەو تاکانەی بەشدارن لە ژیانی کۆمەلأیەتی کچی وەرزشوان دەبێت بە پێگە کۆمەلأیەتییەکەشیان ڕازیبن، هەر بۆیە کچانی وەرزشوان لە ژیانی کۆمەلأیەتییان نزکین لەکەسانێك کە هەزو ئارەزووی وەرزشییان هەیە.

خشتەی (١١)

گرنگی پێدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە کچانی وەرزشوان ڕوون دەکاتەوە

| وەلأم | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤ | ٪٨ |
| نەخێر | ١٩ | ٪٣٨ |
| تاڕادەك | ٢٧ | ٪٥٤ |

ئەم خشتەیە ئاستی گرنگی پێدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ وەرزشی کچان ڕوون دەکاتەوە، کە لە ٤٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی بە وەرزشی کچان دەدەن ، وە لە ٣٨٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە نەخێر بەهیچ جۆرێك گرنگی بە وەرزشی کچان و یارییەکانی تیپی کچان نادەن، وە لە ٤٥٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تاڕادەیەك گرنگی بە وەرزشی کچان دەدەن و لە ئاستی پێویست نییە وە بەراورد بە وەرزشی کوڕان جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت.ئەمەش کاریگەری لەسەر پێگەی کۆمەلأیەتی کچی وەرزشوان دادەنێت چونکە ڕاگەیاندن وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلأیەتی بەسەرچاوەیەکی گرنگی هۆشیاری کۆمەلأیەتی تاکەکان دادەنرێت.

خشتەی (١٢)

دۆخی ئێستای کچانی وەرزش ڕوون دەکاتەوە لە ڕووی بواری بەشداریکردن لە وەرزش

| وەڵام | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠ | ٪٢٠ |
| نەخێر | ٣ | ٪٦ |
| تاڕادەیەك | ٣٧ | ٪٧٤ |

لەم خشتەیەدا ڕوون دەبێتەوە کە تاچەند بوار ڕەخساوە بۆ وەرزشکردنی کچان لە ڕووی شوێن و پێویستی وەرزشی، کەلە ١٠٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڵێ لە ئێستادا بوارێکی فراوان باش ڕەخساوە بۆ ئەو کچانەی دەیانەوێ وەرزش بکەن یان ببنە وەرزشوان، وە لە ٦٪ توێژینەوەکە پێیان وایە هێشتا دەرفەتەکانی بواری وەرزشکردن بۆ کچان لە ئاستی پێویست نییەو جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان کوڕان و کچان لە بواری وەرزشکردن. بەڵام زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە کە لە٧٤٪ پێکدەهێن پێیان وایە تاڕادەیەك دەرفەتەکانی وەرزشی کردنی کچان زیادبووە و گۆڕانی گەورە دروست بووە بەتایبەتی دامەزراوە ئەکادیمییەکانی وەك زانکۆ بواری وەرزشی کردنی کچانی فراوانتر کردووە. کەواتە ڕوونە گۆڕانکاری گەورە دروست بووە بە بەراورد بە پێشوو لە ڕووی بەشداری و گرنگیدان بە کچانی وەرزشوان.

ئەنجام و دەرئەنجامەکان:

١- لە(٤٢٪)ی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی شاردا نیشتەجێ یە، لەم ڕێژەیەدا ئەگەر ئەوە دەردەخات کچانی وەرزشوان لە ناو شار زیاترە بەڵام ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە پیشان دەدات لەڕێژەی بەشداری کچانی دەرەوەی شار کە خاوەنی ڕێگری و بەربەستی کلتوری و پێکهاتەی زیاترن. بۆ یە دەکرێت بڵێین بەشداری کچان لە وەرزش بە گشتی و دەرەوەی شار بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆرانکارییە کلتوری و فکیرییەی دروست بووە بۆ کچی، وەرزشوان کە زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی زانستی هاوکار و ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەو گۆڕانکاری و کرانەوەیە.

٢- لە (٥٦٪) نمونەی توێژینەوەکە هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی وەرزشوان نییە ئەمەش ئەو گۆڕانکارییە پیشان دەدات لە هەڵبژادنی پێگەی کۆمەڵایەتی تاك کە تەنها کاریگەر نییە بە ئەندامانی خێزان بەڵکو پەیوەندی و کارلێکەکانی فراوانتر و گشتگیرتربووە بۆیە زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە ئەم پێگەیە نا بەستنەوە بە پێگەی ئەندامانی تری خێزانەکەیان،. لێرەدا زاڵبوون و کاریگەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك دامەزراوەی پەروەردە و ڕاگەیاندن دەردەخات لە دیارکردن و ئاڕاستەکردنی تاك بۆ هەڵبژاردنی پێگەی کۆمەڵایەتی دیارکراو لە داهاتوودا.

٣- لە (٩٠٪) نمونەی توێژینەوەکە خێزانەکانیان هاوکار و یارمەتی دەر بوون بۆ ئەوەی بتوانن ببنە وەرزشوان، ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی دامەزراوەی خێزان دەردەخات لە زۆر بوون و گەشەکردنی ئەم پێگە کۆمەڵایەتییەی کچان، چونکە ڕێگرییەکان لەهەر ئاستێکدابێت تاك بەهۆی خێزانەوە دەتوانێت زاڵبێت بەسەریدا، هەروەها لە کە لە ٥٠٪ نمونەی توێژینەوەکە پێییان وایە کاردانەوەی هاوڕێ و دۆستانیان باشە بۆ ئەو پێگەیەی هەڵیان بژاردووە.

٤- لە٦٠٪ نمونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی زمانەوانی بوونەتەوە لەبەر پێگەی کۆمەڵایەتییەکەیان کە وەرزشوانە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی فیکری پیاوسالاری کە پیاو بە سەرچاوە و شیاو بۆ گشت بوارەکان دادەنێت ئەمەش بەهۆی جێبەجێنەکردنی یاسا و هۆشیاری کۆمەڵایەتی بۆ هەبوونی توندوتیژی زمانەوانی کە وەك ڕێگرێکی کۆمەڵایەتی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت لە کۆمەڵناسی

٥- لە ٣٨٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە نەخێر بەهیچ جۆرێك گرنگی بە وەرزشی کچان و یارییەکانی تیپی کچان نادەن، وە لە ٤٥٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تاڕادەیەك گرنگی بە وەرزشی کچان دەدەن و لە ئاستی پێویست نییە وە بەراورد بە وەرزشی کوڕان جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت.ئەمەش کاریگەری لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان دادەنێت چونکە ڕاگەیاندن وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەسەرچاوەیەکی گرنگی هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکان دادەنرێت.

٦- لە ١٠٪ نمونەی توێژینەوەکە باس لە فراوانی دەرفەتەکانی بەردەم کچان دەکەن وە لە ٧٤٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تاڕادەیەك دەرفەتەکانی وەرزشی کردنی کچان زیادبووە و گۆڕانی گەورە دروست بووە بەتایبەتی دامەزراوە ئەکادیمییەکانی وەك زانکۆ بواری وەرزشی کردنی کچانی فراوانتر کردووە. کەواتە ڕوونە گۆڕانکاری گەورە دروست بووە بە بەراورد بە پێشوو لە ڕووی بەشداریکردن و گرنگیدان بە کچانی وەرزشوان.

سەلماندنی گریمانەکان:

-گریمانەی (١) ئاماژە بەوە دەدات خێزان و کەسە یەکەمییەکانی کچی وەرزشوان هاوکار و یارمەتیدەرن بۆ بەردەوام بوون لە وەرزشکردن سەلماوە چونکە لە لە (٩٠٪) نمونەی توێژینەوەکە خێزانانەکانییان هاوکار و یارمەتی دەر بوون بۆ ئەوەی بتوانن ببنە وەرزشوان.

گریمانەی (٢) سەلماوە چونکە لە٦٠٪ نمونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی زمانەوانی بوونەتەوە لەبەر پێگەی کۆمەڵایەتییەکەیان کە وەرزشوانە ئەمەش ئەوە دەردەخات مامەڵەی تاکەکانی کۆمەڵگا تەندروست نییە بەرامبەر کچی وەرزشوان.

گریمانەی (٣) سەلماوە چونکە هەلی ڕەخساو بۆ وەرزشکردنی کچان لە کۆمەڵگای کوردیدا فراوان بووە کە لە ١٠٪ نمونەی توێژینەوەکە باس لە فراوانی دەرفەتەکانی بەردەم کچان دەکات وە لە ٧٤٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تاڕادەیەك دەرفەتەکانی وەرزشی کردنی کچان زیادبووە و گۆڕانی گەورە دروست بووە بەتایبەتی دامەزراوە ئەکادیمییەکانی وەك زانکۆ بواری وەرزشی کردنی کچانی فراوانتر کردووە

گریمانەی (٤) سەلماوە لەبەرئەوەی لە ٣٨٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە نەخێر بەهیچ جۆرێك گرنگی بە وەرزشی کچان و یارییەکانی تیپی کچان نادەن، وە لە ٤٥٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تاڕادەیەك گرنگی بە وەرزشی کچان دەدەن و لە ئاستی پێویست نییە وە بەراورد بە وەرزشی کوڕان جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت بۆیە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵییان لاوازە لە گەشەپێدانی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان.

## سەرچاوەکان:

## ئینگلیزییەکان

**Books**

-Bryman, A. (2012) Social research Methods. New York: Oxford university press.

- Coakley. J, (2001) Sport in Society, Issue & controversies, New York: McGraw-Hill.
- Jones. Armour, (2000) Sociology of Sport, England: Longman.
- Giddens,A.(2001) Sociology, Cambridge: Polity press.
- Giulianotti, R. et al (1994) Football, violence and social identity, London: Routledge.

-Jarvie. G, (2006) Sport, Culture and society, London: Routledge.

- Taylor, S. (2000) Sociology Issue and Debates, New York: Palgrave.
- Marshall.G, Scott.J(2009) Dictionary of Sociology. Oxford: uin Press.
- Magdalinski, T. (2009) Sport ,technology and the body, London: Routledge.

-May, T. (2001) Social research Issues, methods and process, Philadelphia: Buckingham.

-Polly, M. (1998) Moving the Goalposts, London: Routledge.

- Wenner, L. (1998) Media Sport, London: Routledge.

**Article**

- Borish, L. (1996) ‘Women at the modern Olympic Games, National association (48): 43-56.
- Coakley, Hughes, (1984) ‘Mass society and the commercialization of sport, Sociology of sport (1), 57-63.

-Felshin, J. (1974) The triple option for sport in women : 36-40.

-Kane, M.(1988) Media coverage of the female athlete, Jornal of sport management(2):87-99.

- Lucas (2000) ‘Nikes Commercial Solution: girls, sneaker and salvation,SAGE(35)2 :149-164.
- Park, R. (1994) ‘A decade of the body, Journal of sport history,V.21(1):59-82.
- Stevenson, D. (2002) ‘Women, Sport and Globalization, SAGE,V.26(2) :209-2025.
- Vertinsky, P. (1994) ‘Gender relationship, women history and sport history, jornal of sport history, V.21(1): 1-24.

-Williams, J. (2003) ‘ A game for rough Girls, ISBN :33-39.

## عەرەبییەکان

### الكتب

- الحسن،عبدالباسط. (١٩٧١) اصول البحث الاجتماعی، القاهرة: مكتبة الانجلو.
-الحسن. احسان( ) اسس العلمية المناهج البحث الاجتماعی،الطبعة الثالثة ،دارالطليعة،بيروت.
- الحسن. احسان. و عبدالمنم() ،طرق البحث الاجتماعی،دارالكتب الطباعة والنشر،الجامعة الموصل.
-الحسن،احسان.. (٢٠٠٥) علم الاجتماع الرياضی، عمان : دار وائل.
-الحسن،احسان، ( ١٩٨٢) طرق البحث الاجتماعی ، الموصل: دارالكتب الطباعة والنشر.
- الراوی. خاشع(١٩٩٠) ،مدخل الى لاحصاء، مكتب جامعة الموصل،موصل.
- عمار، حميد. (١٩٦٤) المنهج العلمى فى دراسة المجتمع، القاهرة: مكتبة القاهرةالحديث.
-عمر، معن. (١٩٨٣) الموضوعية والتحليل فى البحث الاجتماعي، بيروت: منشورات دار الاوقاف الجديد.
- عمر،معن. (١٩٩٦) مناهج البحث فى علم الاجتماع، عمان، دار الشروق للنشر و التوزيع.
- محمد،على.( ٢٠١٢) مناهج البحث في التربية و علم النفس، دار افكار للدراسات والنشر، دمشق.

پوختەی توێژینەوەکە:

وەرزش ئەو بوارە فراوانەیە کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەشێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی زۆرێك لە ئەندامانی کۆمەڵگا پێکدە هێنێت، بەڵام ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیە جیاوازە بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ڕەگەز و گروپی کۆمەڵایەتی یەکان. لەم توێژینەوە کار لەسەر ئەو ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییانە کراوە کە وەرزش لەسەر ڕەگەزی مێ دروستی دەکات بەتایبەتی ئەو کچانەی وەرزش دەبێت پێگەی کۆمەڵایەتییان. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە هاوکات کێشەی توێژینەوە کەیە ئەوەیە کە ئایە وەزرش چ کاریگەرییەك لەسەر ژیانی کۆمەلاتی کچی وەرزشوان دروست دەکات یاخود ئەو جیاوازییە جندەرییانە چییە کە بەهۆی وەرزشەوە دروست دەبێت بۆ ڕەگەزی مێ؟ بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی وەرزش دەبەخشێت بە کچان وە ئەو کاریگەرییانەی لەسەر کچان دورست دەبێت بەهۆی پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان بەتایبەتی لە ئێستادا کە وەرزش لایەنێکی دانەبڕاو گرنگە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی تێدا بەکارهاتووە، وە ٥٠ خوێندکاری کچی وەرزشوانی زانکۆی سلێمانی وەك نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە بە شێوەی هەڕەمەکی سادە و هەردوو ئامڕازی چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان.

لە گرنگترین ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا دەرکەتووە کە کە بەربەستە کۆمەڵایەتی ییەکانی گەشەی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان لە ئاستێکی بەرزدایە چونکە لە ٦٠٪ نمونەی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی زمانەوانی دەبنەوە، وە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی بە وەرزشی کچان نادەن بەبەراورد بە وەرزشی کوڕان، وە تەنها لە ١٠٪ نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڵی دەرفەتی تەواو بۆ وەرزشکردنی ڕەگەزی مێ هەیە.

بەڵام دەرکەوتووە دامەزراوەی ئەکادیمی وەك زانکۆ یارمەتی دەرێکی باش بووە بۆ کەم بوونەوەی ڕێگرییەکان و گەشەی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان، بۆنمونە لە ٤٢٪ نمونەی توێژینەوەکە لەدەرەوەی شاردا نیشتەجێ یە بەڵام زانکۆ هۆکاربووە بۆئەوەی بتوانێت بێتە وەرزشوان، وە خێزان وەك دامەزراروەیەکی کۆمەڵایەتی باشترین یارمەتی دەربووە بۆ کەمکردنەوەی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان چونکە لە (٩٠٪) نمونەی توێژینەوەکە خێزانانەکانییان هاوکار و یارمەتیدەربوون. هەروەها گۆڕانکاری فیکری و کلتوری دروست بووە ئەمەش یارمەتی دەربووە بۆ گەشەکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی کچی وەرزشوان بە بەراورد بە ڕابردوو لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە.

**خلاصة البحث:**

الرياضة هو ذلك المجال الواسع الذي يكون له تأثير على حياة الأفراد في المجتمع ويكون جزء مهم من الحياة الاجتماعية لكثير من أعضاء المجتمع. و لكن تختلف هذه التأثيرات باختلاف التكوينات الاجتماعية والجنسيات والمجموعات او المجاميع الاجتماعية هذا البحث يلقي الضوء على التأثيرات التي تسببها الرياضة على الفتيات اللاتي يمارسن الرياضة السؤال الأساسي لهذا البحث والذي يكون مشكلة البحث هو (ما هو تأثير الرياضة على حياة الفتيات اللاتي يمارسن الرياضة او ماهي التأثيرات الكمية التي تتكون بسبب الرياضة على لإناث؟)بهدف ايجاد هذه الخصائص التي تمنحها الرياضة للفتيات والتأثيرات التي تسببها بسبب الضمان الاجتماعي خصوصاً في الوقت الحالي فإن الرياضة هو مجال مهم ومستمر وغير منقطع لأفراد المجتمع.

استخدم في هذا البحث منهج البحث التحليلي والوصفي والبحث المسحي وتم اختيار عينة مكونة من ٥٠ طالبة في قسم الرياضة في جامعة السليمانية بشكل عشوائي بسيط من خلال الاداتين (المقابلة والاستبيان) لجمع المعلومات حول الضمان الاجتماعي لهؤلاء الفتيات.

من اهم النتائج التي توصل اليها هذا البحث تبين بأن الحواجز الاجتماعية والعواقب لتطوير الضمان الاجتماعي للفتيات اللاتي يمارسن الرياضة بمستوى عالي ومرتفع لأن ٪٦٠ من عينة البحث يواجهون العنف اللغوي وان المؤسسات الاجتماعية الاخرى مثل المؤسسة الاعلامية لا تهتم برياضة الفتيات مقارنة باهتمامها برياضة الشباب وإن ٪١٠ فقط قالوا بان هناك مجال لممارسة الفتيات للرياضة.

لكن اتضح في المؤسسات الاكاديمية مثلا الجامعة هي الداعمة والمساندة ولها دور في تقليل العواقب والحواجز و تطوير الضمان الاجتماعي للفتيات لان ٪٤٢ من عينة البحث يسكنون في خارج المدينة لكن بفضل الجامعة منحت لهم الفرصة بان يكونوا رياضيين وإن الاسرة ايضا كمؤسسة اجتماعية لها دور في تقليل هذه الحواجز والعواقب لان ٪٩٠ من العينة عوائلهم هي التي دعمتهم وساندتهم..

وايضا التغيرات الفكرية والحضارية كانت لها دور في تقليل العواقب وتطوير الضمان الاجتماعية لفتيات الرياضة مقارنة بالماضي من الجانب (الكمي والكفي).

## Summary

Sport is topic which can affect individual in society and it is a part of many individuals life style, but the affection has been changing with regard to social structure, Gender, social groups. This research work on the sport affection in women, especially for girls who have social status like player, the research question is, how does sport affect girl who are player or how does sport make gender issue for women? The aim of research is to find the characteristic of girl player when sport is import part of individuals.

The method has been used to research is, social survey, 50 student who are girls, have been take as sample research by simple random sample and both interview and questioner have been used to collect information.

The most import research results are, there are still many social barriers which affect the (social status) girls player improvement because %60 research sample face verbal violence. Moreover, there are clear differences between girls or boys with regard to sport media programs and only %10 believe that there are enough opportunities to girl players.

But it has been found that academic institutions like university were helpful to reduce barriers and improve (social status) girl player. For example, 42% research sample live outside the province but they can be player because of university. In addition, family is supportive to exit girl player and to reduce social barriers, therefore 90% research sample have been supported by their family, this shows the role of family to improve (social status) girl player in recent years.